کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
1-10-2007 21:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یۆهین... ئارام یاسین

یۆهین
ئاسمان بی تۆ
جوانی نیە
نەفرەت دەکا
لە هەیڤ و خۆر
دەریا بی تۆ
بیابانی گەرمەسێرە
توێنوویەتی
سکالای خۆی
بۆ بارەگای یەزدان دەبا
شەقام بی تۆ
مەرگی درەختەکانی خۆی
دەدرکێنی
یۆهین
ئەی کچۆلە جوانەکەی
کۆریای باشوور
تۆش
بۆ من
وولاتێکی سەوز سەوزی
جوانی و ڕووناکی گشت دنیا
لە باوەشی خۆتا دەگری

**سیئۆل \ کۆریای باشور**
Aram_yaseen@yahoo.com



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.